www.kurdistannet.org
12-3-2003 23:04

KURDISKA STUDENT- &
AKADEMIKERFÖRENINGEN

Uppsala, 2003-03-10

نامەیەکی کراوە

بۆ: وەزیری دەرەوەی سوید (ئەنا لیند)

## لێگەڕێن کوردان لە ئاشتیدا لە کوردستانی ئێراقدا بژین!

کورد گەورەترین میللەتی بێدەوڵەتی سەر رووی زەمینە، سەدان ساڵە راوەدوودەنرێ و زوڵمی لێدەکرێ. سەدان ساڵە خەباتی رەوای لە پێناوی مافە سیاسی و کولتورییەکانیدا رووبەڕووی سەختترین شێوازی تێرۆر دەبێتەوە.

ئەمرۆ کوردستانی ئێراق کە ناوچەیەکی ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکانە و لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوە دەبرێت، لە گەلێ بواردا هەنگاوی گەورەی بەرەو پێشەوە ناوە و بۆتە مەودایەکی باش بۆ پێکەوە ژیانی کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دی و دەرفەتێک بۆ گەشەکردنی دیموکراسی.

تورکیا لە مێژووی 80 ساڵانەیدا هەرگیز دانی بە پچوکترین مافی کوردا نەناوە.

ئایدیۆلۆژیای رەسمی دەوڵەتی تورک کە لەسەر بنچینەی نکوولیکردن لە بوونی کورد دامەزراوە، لای هەموان ئاشکرایە، ئەوەتا بە سەرکوتکردنی کوردی کوردستانی تورکیا دڵی ئاوناخواتەوە و هەڕەشە و گوڕەشە لە کوردستانی ئێراق دەکات، کە بەڵگەن بۆ ئەوەی تورکیا گەرەکێتی پچوکترین ئەزموونی دیموکراتییانەی کورد لە هەر کوێیەک سەرهەڵدا بتاسێنێ.

کورد خوازیارە کوردستانی ئێراق دوای رووخاندنی سەددام حوسێن، لە سیستەمێکی دیموکراتی و فیدرالیدا، لە تەک عەرەب، تورکمان و ئاسوریدا، لە ئێراقێکی یەکگرتوودا بە ئاشتی بژی. هەر وەک کورد هەمیشە خوازیاری دیالۆگی ئاشتیانە بووە لەگەڵ دراوسێکانیدا. ئەمرۆ تورکیا بە بەهانەی ئەوەی گوایە کوردەکان جوداخوازن، هەڕەشە دەکەن. وەزیری دەرەوەی تورکیا هەڕەشەی داگیرکردنی کوردستانی ئێراق دەکات و هیچ رێزێک لەو پێکهاتە سیاسییەی کوردستانی ئێراق، کە لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندایە، ناگرێ. ئەمرۆ سوپای تورک لە ناوچەکانی سەر سنووری کوردستانی ئێراق خۆی بۆ پاکسازی نەتەوەیی ئامادە دەکات. کەچی هێشتا دەنگێکی نارەزایی نە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە و نە لە وڵاتانی ئەوروپاوە بڵند نەبۆتەوە.

Kurdiska student- & akademikerföreningen | Pg: 634228-1 | Org.nr: 817603-4844
Box 13064
750 13 Uppsala
Sverige
E-mail: ksaf@passagen.se
www.ksaf.tk

www.kurdistannet.org
12-3-2003 23:04

KURDISKA STUDENT- &
AKADEMIKERFÖRENINGEN

تورکیا ناکارێ بە هەڕەشەکردن لە کوردان قەیرانە سیاسییەکانی خۆی چارەسەر بکات.
خۆ ئەگەر تورکیا پەلاماری کوردستان بدات، دۆخی سیاسی هەم خودی تورکیا و هەم ناوچەکە بە گشتی، ئالۆزتر دەبێت.
هەنووکە کورد لە هەموو گۆشەیەکی جیهانەوە داخوازیی کۆتایی پێهێنانی هەڕەشە بەربەرییەکانی تورکیا دەکەن. ئێمەش داوا لە حکومەتی سوید دەکەین کە بە توندی شەڕەنگێزی تورک و هەر دەوڵەتێکی دی دژی کوردستانی ئێراق مەحکوم بکەن. داوا دەکەین تورکیا رێز لە یاسا نێودەوڵەتییەکان بگرێت کە مافی میللەتانی تێدا پارێزدراوە.
داوا دەکەین سوید بە جیددی مەسەلەی هەڕەشەی تورک لە کورد لە یەکێتی ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکاندا بخاتە سەر مێزی مشتومڕ.

ئەم نامەییە بە ئیمزای کۆمەڵەو پارتییە سویدیەکان و کوردیەکانی خوارەوە بۆ وەزیری دەرەوەی سوید (ئەنا لیند) ناردراوە :

- کۆمەڵەی خوێندکاران و ئەکادیمیانی کورد- ئۆپسالا، سوید
- کۆمیتەی مافە مرۆڤایەتییەکانی کورد- ئۆپسالا، سوید
- یەکیەتی لاوانی کوردی ئێران- سوید
- سۆسیالدیموکراتەکان- ئوپسالا، سوید
- پارتی سەوز- ئوپسالا، سوید
- پارتی گەل- لیبرالەکان- ئوپسالا، سوید
- پارتی چەپ- ئوپسالا، سوید

لێپرسراوی نامەکە، کۆمەڵەی خوێندکاران و ئەکادیمیانی کورد- ئۆپسالا
www.ksaf.tk, E-mail: ksaf@passagen.se

و. گۆران قەرەداخی

Kurdiska student- & akademikerföreningen
Box 13064
750 13 Uppsala
Sverige
Pg: 634228-1
Org.nr: 817603-4844
E-mail: ksaf@passagen.se
www.ksaf.tk